حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة اربيل
م . العقود العامة

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکە گشتیەکان
پارێزگای هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەکان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

ژمارە : ٢٧٧     / ٢٧٢ کوردی     ١٣/ ٨/ ٢٠٢٣/ زاینی

# ئاگاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٢٢ )بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنت بۆ پرۆژەی ( نۆژەنکردنەوەی داینگەی تەق تەق / قەزای کۆیە ) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( دووشەممە) ڕێکەوتی ٢٨/ ٨ / ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:**

- کۆمپانیای لە پلە ( ٢-٥ ) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ .
- ماوەی پرۆژە ( ١٢٠ ) ڕۆژی تقویمییە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن ( ١٣٢,٠٠٠ ) سەد و سی و دوو هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان

 | بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پێی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا .....
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پێی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا .....
- ✓ یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ دۆسیە

فرهاد ٦/٨